# ئاگاداری کەرەستەکانی ماکیاژ بە

کەرەستەکانی ماکیاژ، بەسوودترین کەرەستەن بۆ جوانی، هەروەها زۆرترین گرفت و کێشەن بۆ پێست و رووخسار، چونکە کاتێك تۆی خانم کە بە هەڵە بەکاریانبهێنیت، یان ماوەیان بەسەرچووبێت، ئەوکاتە جوانیت دەشێوێنیت و رووخسارت تێکدەدات، هەمیشە مارکەیەکی باشی ماکیاژەکان بەدەست بهێنە، چونکە کەرەستەی هەرزان زیانی زیاترە لە سوود، (هادلی کینج) پسپۆڕی پێست و جوانکاری دەڵێ: ئەگەر ماوەی کرێمی ئەساس بەسەرچووبێت و بەکاری بهێنیت، واتە کارەساتێك بۆ خۆت دروست دەکەیت، بۆیە پێویستە رەچاوی ئەو رێنماییانە بکرێت: سەرەتا کاتێك کەرەستەیەك دەکڕیت، سەیری رێکەوتی دەرچوونی بکە لەگەڵ ماوەی بەکارهێنانی لەلایەن خۆتەوە، پێویستە بزانیت کە بەشی تۆ دەکات یان نا، مارکەیەکی باش هەڵبژێرە، تا زوو کەرەستەکان تێکنەچن، هەوڵبدە لە شوێنی فێنك دابنرێن، چونکە کەرەستەکانی ماکیاژ بە شوێنی پلە بەرز و گەرم تێکدەچن، کاتێك کەرەستەیەکی تازەت هەبوو زوو زوو قەباغەکەی بکەرەوە تا هەوا بکێشێت، هادلی دەڵێ: وا چاکە ماسکارە بۆ ماوەی سێ مانگ زیاتر نەبێت و بگۆڕدرێت، ئایلاینەر و ئای شادۆ بۆ ماوەی نێوان (٦ تا ١٠) مانگ، سووراوی لێو زیاتر نەبێت لە ساڵێك، کرێمی ئەساس و پۆدرەش کەمتر لە ساڵێك بەکاربهێنە و پاشان فرێی بدە.



## هەنگاوەکانی گرنگیـ





## تەنوورە ریزبەندی لوتکەی مۆدەکان دەگرێت

لــە مــۆدی تــازەدا تەنــوورە کێبڕکێــی پانتــۆڵ دەکات و هەریەکەیــان لەگــەڵ ســتایلە تازەکانــدا بەجیــا دەردەکــەون، پانتــۆڵ ئەگەرچــی جەماوەرێکــی بــێ شــوماری هەیــە، بــەڵام تەنــوورە جێگــەی خــۆی لەنێــو دڵ و خواســتی خەڵــك کردۆتــەوە، تەنــوورە لــە ســاڵانی هەفتاکانــەوە بــاو بــوون، زۆر بــە کەمــی پانتــۆڵ دەبینــرا، پســپۆڕان وا پێشــبینی دەکــەن لــە ســاڵی تــازەوە تەنــوورە ببێتــەوە بــە لوتکــەی مــۆدەکان، بــە تایبــەت ئەوانــەی لــە شــێوەی کیلۆتــس و کــراوەن، تەنــوورەی درێژیــش جوانتریــن مۆدەکانــی جلوبــەرگ پێکدەهێنــن، چونکــە لەگــەڵ زۆربــەی جلــی دیکــەدا شــیك دەبێــت، شــێوازە باوەکانــی پۆشــینی تەنــوورە بــەم چەشــنەن: ســەرەتا تەنــوورەی شــێوە و نەخــش چوارگۆشــە بــۆ کاتــی ئاهەنــگ و ســەردانی گونجــاوە، لــە ڕەنگــی ســوور و سەوز و پەمەیی. تەنوورەی قاشکراو، واتە لار بەشی خوارەوەی لارە و ڕاست نییــە، مۆدێکــی نایابــە بــۆ دەرچــوون و گەشــت کــردن. تەنــوورەی دوو پارچــە، ئەوانــەی لــە دوو پارچــە پێکهاتــوون، شــێوازێکی ناســك و سەرنجڕاکێشــیان هەیــە، لەگــەڵ قەمیســی تــاك و ڕەنــگ ســادە شــیك دەکرێــن. تەنــوورەی ســادە و تــاك ڕەنــگ، بــۆ کاتــی دەوام و شــوێنی فەرمــی گونجــاوە، تەنــوورەی کورتیــش بــۆ گەشــت و زانکــۆ شــیاوە، ئــەو ڕەنگانــەی بــۆ تەنــوورەکان بــاون بریتییــن لــە: ڕەش، ســەوز، ســوور، ڕەساســی، نیللــی، زەرد و شــین.

## ـــدان به ژووری چێشتخانه

ژووری چێشــتخانە، جگــە لــەوەی شــوێنێکە بــۆ ئامادەکردنــی خواردن، هەروەهــا هێمــای پــاك وخاوێنــی و لێهاتوویــی خانمانــی ماڵــە، تــا چەنــد ژووری چێشــتخانە پــاك و نــاوازە بێــت، هێنــدە هەســت و خرۆشــت بــۆ ئــەو ژوورە بــەرز دەبێــت و ســەلیقەت بــۆی دەکرێتــەوە، پســپۆڕان بــە مەملەکەتــی پــاك و خاوێنیــان دانــاوە، پســپۆڕانی گۆڤــاری (پیــۆر واو) دەربــارەی ژووری چێشــتخانە دەڵێــن: چەندیــن هــۆکار هــەن کــە جوانیــی ژووری چێشــتخانە تێکــدەدەن، لەوانــە: ڕووناکیــی خــراپ، کاتێــك دیکــۆری ژووری چێشــتخانە بــەرز و لــە کەرەســتەی نەگونجــاو بــن، یــان تاریــك و ڕووناکییەکــی کزیــان هەبێــت، تــەواوی جوانــی دیکۆرەکــە ون دەبێــت، دانانــی کەرەســتەی گــەورە لــە ژووری چێشــتخانە کــە هەمیشــە ژوورەکانــی چێشــتخانە بچووکــن، کێشــەیەکی دیکــەی تێکدانــی ژووری چێشــتخانەیە، ناکرێــت مێزێکــی گــەورە لــە ژوورێکــی بچــووك دابنێــت، چونکــە تەنگەبــەر دەبێــت و دیکۆرەکــەش دەشــێوێنێت، هــەوڵ مــەدە دیــوار و بەرگــی کەرەســتەکان بکەیتــە تابلــۆ و وێنــە، چونکــە ئــەوەش دیکــۆری ســادەی چێشــتخانە تێکــدەدات، دەکرێــت وێنــە و کەرەســتە هەڵبواســیت، بــەڵام هێنــدە نەبێــت کــە دیکۆرەکــە تێکبــدات، هەوڵبــدە کەرەســتەکان لــە شــوێنی خۆیــان بــن، هەروەهــا بــەش و لقەکانیــان دیــار نەبــن، وەك وایــەر و ســۆندەی کەرەســتەکان، ســەتڵی زبڵەکانیــش نابــێ دیــار و بەرچــاو بــن، بەڵکــو بــا شــوێنیان شــاراوە بێــت، گرنگتریــن فاکتــەری تێکدانــی ژووری چێشــت، بــۆنی ژوورەکەیــە، بۆیــە هەوڵبــدە هەمیشــە بــۆنی ژوورەکــەش خــۆش بێــت.

# هێما و مانای سەرپۆشی ئافرەتان



سەرپۆش تەنیا بۆ پۆشین و شاردنەوەی قژ بەکارناهێندرێ، بەڵکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ماناداره، ئەو پرۆژەیە لە وڵاتی ئازەربایجان دەرکەوتووە، کە پێویستە لە دوورەوە بزانرێت ئەو ئافرەتەی سەرپۆشی پۆشیوە لە چ حاڵەتێکی باری شارستانیدایە، پرۆژەکە بە ناوی (کیلا گایی)یە، کە جگە لە سەرپۆش پارچە قوماشێك لەگەڵ سەرپۆش دادەنرێت، ئەو پرۆژەیە لەلایەن بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و ئەمینداری سەربەخۆ (ئەسلی سامادۆڤا) تەبەنی کراوە، ئەو بیرۆکەیەی لە نەریتی کۆنی وڵاتەکەی وەرگرتووە کە بۆ (٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لە ئێستاشدا بۆتە نەریتێکی باو لە نێو ئافرەتانی ئەو وڵاتەدا، بۆ نموونە: ئەوانەی سەرپۆش و پارچە قوماشی سپی بەکاربهێنن، واتە ئەو کەسە هاوسەرگیریی نەکردووە و هێمای سینگڵییە، تەنیا بووکەکان بۆیان هەیە سەرپۆشی سوور لەسەر بکەن، ئەوانەی سەرپۆشکانیان بە چەند پێچێك بپێچن، واتە هێندە کەسەی لە بنەماڵەکەی لە دەستداوە، ئەوانەی تازە هاوسەرگیرییان کردووە، تەنیا پێچ بەکاردەهێنن، ئەوانەی جیابوونەتەوە هێمای مانگ بەسەر سەرپۆشکانیانەوەیە، وەك ئەوەی مانگی بێ ئەستێرە و ڕۆژە، ئەوانەشی خاوەن ماڵ و منداڵن، سەرپۆشەکانیان بە شلی و خاوی دەبەستن و هەروەها ڕەنگی تۆخیش لەسەر دەکەن.




# سەرۆکی پەرلەمان شیر بە منداڵەکەی دەدات

لە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەورووپا و تەنانەت هەندێك وڵاتی کیشوەری ئاسیاش، پیاوان زیاتر هاوکاریی هاوسەرەکانیان دەکەن، بە تایبەت لە کاروباری ماڵ و ئاگادار بوون لە منداڵەکانیان لەو کاتەی کە دایکان خەریکی کارێکی گرنگن، یان بەهۆی هۆکارێك لەمنداڵکانیانەوە دوورن. سەرۆکی پەرلەمانی نیوزیلەندا (تریڤۆر مالارد) کە باوکی چوار منداڵە، لە رۆژی کۆبوونەوەی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا منداڵە ساواکەی لە باوەشە و شیر و مەمەی پێ دەدات، ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەرسێ منداڵەکەی دیکەی لەلای هاوسەرەکەی بوون و ساوایەکەیانی لەگەڵ خۆی بردۆتە ناو هۆڵی پەرلەمان. لەو کاتەی منداڵەکەی دەست دەکات بە گریان، سەرۆکی پەرلەمان شیر و مەمە دەردەهێنێت و منداڵەکە لە باوش دەگرێت و شیری پێ دەدات، لەوکاتەشدا جگە لەوەی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان چەپڵەیان بۆ لێدا، کەچی هەندێکی دیکە پێیان وابوو چاکتر وایە کە کارگوزرایێك بگرێت تا ئاگاداری منداڵە بچووکەکەی بێت.

# پاسی گەشتیاریی هەولێر

خزمەتگوزاریی پاسی گەشتیاری کە بە (هۆپ ئۆن و هۆپ ئۆف) ناسراوە، ئاسانکارییەکی زۆر چێژبەخشە بۆ گەشت بە نێو شاری هەولێردا و زۆربەی شوێنەکانی هەولێر دەگەڕێت، گەشتەکە بە پاسێکی دوو نهۆمیی تازە و پێشکەوتوو ئەنجام دەدرێت، رێبەری گەشتیاری لە نێو پاسەکەدا و لە شوێنە گشتییەکاندا دانراوە، رێبەرەکە بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئیسپانی، فەڕەنسی، فارسی، رووسی، تورکی) نووسراوە، گەشتی پاسی گەشتیاری لە پارکی شار دەست پێدەکات، پاشان بۆ پێش قەڵای هەولێر و دواتر بەرەو پارێزگاری هەولێر، پارکی منارە، پەرلەمانی کوردستان، مزگەوتی جەلیل خەیات، شەقامی شۆڕش، فامیلی مۆڵ، پارکی پێشمەرگە، شەقامی گوڵان، باڵەخانەکانی پارك ڤیو، هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا، پارکی شەهید سامی عەبدوڵڕەحمان، پیشانگای هەولێری نێودەوڵەتی، پارکی شانەدەر، بە گەیشتنی بە بەردەم داونتاونی ناو جەرگەی شار کۆتایی دێت، گەشتەکانی پاسی گەشتیاری رۆژانە (٥) گەشتە، کە دوویان لە بەیانیان و ئەوەی دیکەش کاتژمێر (٥)ی ئێوارەیە و دواگەشتیش کاتژمێر (٩)ی شەوە، سەرکەوتن بەسەر ئەو پاسە بۆ جارێك تەنیا (٥) هەزار دینارە، ئەگەر بتەوێت رۆژێکی تەواو لە نێو گەشتەکانی ئەو پاسەدا بەسەر ببەیت بە (١٠) هەزار دینارە، لە (٥٠٪) داشکان بۆ منداڵان دەکرێت، ئەوانەی بەشداریی گەشتەکانی پاسی گەشتیاری دەکەن، زیاتر خەڵکی بیانی، یان ئەو کەسانەن کە ناتوانن بە پێ بڕۆن.





## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی واتادارە، بەڵام بەهۆی ئەوەی باس لە زیانی جگەرەکێشان دەکات، بە دڵی جگەرەکێشەکان نییە، چونکە وا نیشان دەدات کە جگەرەکێشان بۆ مرۆڤ مردنێکی لەسەرخۆیە، وەك ئەوەی دوای هەر جگەرەیەك ساتێك لە مردن نزیكتر دەبیتەوە.

## نوکتە

کەسێك نەخۆش دەکەوێت، دەچێتە لای دکتۆر شرووب وەردەگرێت، دکتۆر پێی دەڵێت: بەر لەوەی شرووبەکە بخۆیتەوە، پێویستە بیشڵەقێنیت، تا پێکهاتەکانی تێکەڵ ببێت. شەو درەنگ نەخۆشەکە خۆی دەشڵەقێنێت. ژنەکەشی دەڵێت: ئەوە بۆ وادەکەی؟ ئەویش دەڵێت: بیرم چوو شرووبەکە بشڵەقێنم و خواردمەوە.



## باوکی ئۆتۆمبێلەکان

ڕەنگە ناونیشانێکی سەیر بێت کە بڵێت باوکی ئۆتۆمبێلەکان، بەڵام مەبەست لەو دەستەواژە ئەوەیە کە ئەو کەسە زۆرترین دیزاینی ئۆتۆمبێلی داناوە، ناوی (جۆرجیتۆ جیوجیارۆ)یە، کە باڵادەسترین کەسە لە مێژووی دروستکردنی ئۆتۆمبێلەکاندا، بەجۆرێك لە ماوەی (٦٤) ساڵدا توانیویەتی زیاتر لە (٦٠) ملیۆن شێواز بۆ ئۆتۆمبێلەکان دابرێژێت، یەکەمین کۆمپانیای بە ناوی (Italdesign) لە ساڵی (١٩٦٧) دامەزراندووە و دوای دیزاینیشی بۆ ئۆتۆمبێلی (مازاراتی)یە، کە بە یەکێك لە جوانترین ئۆتۆمبێلەکانی سەردەم دادەنرێت، جۆرجیتۆ دەڵێ: «دەتوانم دیزانی وا دروست بکەم، کە داهاتوو ببێتە باو، بەڵام ئەوە ناکەم چونکە دەمەوێ بازرگانی بە کارەکەمەوە بکەم».

## بۆ زانیاریت

### کابووس - SLEEP PARALYSIS

کابووس بە حاڵەتێك دەڵێن کە کەسێك لە خەوێکی قووڵدا لەپڕ رادەچڵەکێت و واهەست دەکات کە شتێك پاڵەپەستۆی خستۆتە سەر قەفەسی سنگی، بە جۆرێك کە ناتوانێت جەستەی بجووڵێنێت، هەندێك جار ئەو کەسە دەنگێکیش دەبیستێ و تەنانەت شتی سەیرو سەمەرەش دەبینێ، یان کەسەکە هەست بەوە دەکات کە رۆحێك لە ژوورەکەیەتی! تەنانەت هەست بەوە دەکات کە خەریکە لەناو جەستەی خۆی دێتە دەرەوە. لە زانستی پزیشکیدا بەو حاڵەتە دەڵێن: ئیفلیجیی خەو (SLEEP PARALYSIS) ئەوە جۆرێکە لە تێکچوونی خەو، کە ٢٥٪ ی مرۆڤ لە ژیاندا دیویانە. لە حاڵەتی ئاساییدا کە جەستە دەچێتە ناو خەوێکی قووڵەوە، مرۆڤ دەست دەکات بە بینینی خەو، زۆر ئاساییە کە لە کاتی ئەو خەوە قووڵەدا مێشك سەرکردایەتیی جەستە نەکات، یان فەرمان لە میشك بۆ جەستە هەڵدەگیرێت هیچ جۆرە پەیامێك لە میشکەوە ناگاتە ماسوولکەکان، هۆکارەکەشی رۆشن و دیارە. کاتێك خەون بە راکردنەوە ببینی واتا پەیامی میشك ناگاتە ماسوولکەکان، چونکە لەکاتی ئەو خەونەدا لەسەر جێگای خۆت هەڵدەستی و دەست دەکەیت بە راکردن لەنتاو ژوورەکەت، کاتێك کە خەونەکە کۆتایی هات و کەسەکە لەو خەوە قووڵە هاتە دەرەوە، یەکسەر مێشك سەرلەنوێ کۆنترۆڵی جەستە دەگرێتەوە دەست، بەڵام لەو کەسانەی کە ئیفلیجیی خەویان هەیە، ئەو سیستەمە ئاڵۆز دەبێت، کاتێك کە لە خەوە قووڵەکە هۆشیار دەبینەوە، هێشتا مێشك کۆنترۆڵی جەستەی نەکردۆتەوە، بۆیە کەسەکە هۆشیارە و هەموو هەستەکانیشی ئیش دەکەن، بەڵام ناتوانێت بجووڵێت، ئەو حاڵەتە چەند چرکەیەك، یان ڕەنگە یەك خولەك درێژە بکێشێت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەوڵەکانت بۆ نزیککردنەوەی ئەو دوو کەسەی کە مەبەستتە شکست دەهێنێت، بۆیە لە ئێستاوە خۆت لەو کارە بە دوور بگەرە، زیاتر گرنگی بە ژیانی خۆت بدە، ئەو ماوەیە بێزاریت پێوە دیارە و دەتەوێت کاتت زوو بڕوا، چێژ لە ساتەکانی ئێستات وەربگرە، چونکە دووبارە نابێتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

یاری بە چارەنووسی خۆت مەکە، لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ ڕێگە بگرە، هێندە خەم لە داهاتوو مەخۆ، چونکە بەرەو داهاتووت بەرەو باشی دەچێت، لەگەڵ کەسێك بۆ کاری چاکە لە هەوڵدایت، ئەوەش پێگە و کەسایەتیت بەرز دەکاتەوە، یارمەتیی کەسانی دەوروبەرت بدە

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕێگە مەدە کەسانێك بە دڵی خۆیان بەشداریی ژیان و نهێنییەکانت بکەن، چونکە خاوەن بیروڕای خۆتی، بۆیە مەهێڵە هەوڵ و کۆششی کارەکانت بە فیڕۆ بچن، ئاشنای کەسێکی تازە دەبیت کە زۆر کاریگەری لە سەر ژیانت دەبێت، دڵتەنگ مەبە، لە کێشە و گرفتەکان ڕزگارت دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

نیازی کاری چاکەت هەیە، بەڵام بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە، ئەوەش لە ئەنجامی هەڵەتێگەیشتنی کەسانی بەرامبەرە لە نیاز و چاکە کارییەکانت، لەگەڵ ئەوەی کە کەسێکی سادەیت، بەڵام خەڵك بەم چەشنە ناتبینن، پێویست ناکات خۆت بسەلمێنێت، بە تێپەڕینی کات لێت تێ دەگەن.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیکە هەردەم هەوڵەکانت سەردەگرن، بەڵام بۆ کاری خۆت زۆرجار شکست دەهێنیت، نابێت هێندە ڕەشبینانە بیر بکەیتەوە، کەسێك دەیەوێت لێت نزیك ببێتەوە، ڕێگەی مەدە تا بەتەواوی لە نیازەکانی تێدەگەیت. بە سادەیی بژی تا بە ئامانجەکانت بگەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بە دڵتەنگیی کەسانی دیکە ئازار دەچێژیت، ئەمەش وایکردووە کە ببێتە مایەی بێزاریت لە ژیان، کەسانێك لە دەوروبەرت هەن کە ئەو هەستەیان نییە و لێت تێناگەن، سەرقاڵی ژیانی خۆت بە و واز لە خەڵکی دیکە بهێنە، بە وریاییەوە بڕیارەکانت بدە، تا تووشی هەڵە و پەشیمانی نەبیت.

## بیركردنەوە و فەلسەفە

### چوار ماددەی بنەڕەتی سروشت

بەپێی تیۆری ئێمپیدۆلكس تێكڕای سرووشت لە چوار جۆر توخمی بنەڕەتی پێكهاتووە، ئەو چوار توخمەش بریتین لە (خاك و هەوا و ئاگر و ئاو)، هەر بۆیە هەموو گۆڕانكارییەكانی سرووشت بەهۆی تێكەڵبوون و سەر لەنوێ هەڵوەشاندنەوەی ئەم چوار توخمەوە ڕوودەدات، چونكە هەموو شتێك لە خاك و هەوا و ئاگر و ئاو پێكهاتووە، بەڵام بە ڕێژەی تێكەڵبوونی جیاواز. پێدەچێت ئێمپیدۆكلس سەرەنجی لە سووتانی لقی دارێك دابێت، ئەو كاتە شتێكی بەدیكردووە كە ڕێك بەرەو فەوتان دەچێت، بەئاسانی گوێمان لە قرچە قرچی دارەكەیە، ئەوە « ئاو»ـەكەیەتی، شتێكیش دەبێت بە دووكەڵ ئەوەش «هەوا»كەیەتی، بێگومان «ئاگر»ـەكەش بە ئاسانی دەبیندرێت، كاتێكیش ئاگرەكە دەكوژێتەوە، شتێك لە پاشماوەی دەمێنێتەوە ئەوەش خۆڵەمێشەكەیەتی، یان «خاك»ـە. كاتێك گوڵێك دەوەرێت، یا زیندەوەرێك دەمرێت، ئەوسا هەر چوار ماددەكە لە یەكتری جیا دەبنەوە، تەنانەت بە چاوی ئاسایی دەتوانین سەرەنج بدەین بۆ ئەم گۆڕانكارییە. ئێمپیدۆكلس دەڵێت: گۆڕانكارییە سرووشتییەكان بەهۆی تێكەڵبوون و هەڵوەشاندنەوەی ئەو چوار توخمە ڕوودەدەن. بە بڕوای ئێمپیدۆكلس دوو هێزی كاریگەر لە سرووشتدا بوونی هەیە، بەم هێزانەشی دەوت خۆشەویستی و شەڕ، ئەو هێزەی شتەكان كۆدەكاتەوە خۆشەویستییە و ئەو هێزەی شتەكان دەفەوتێنێت، شەڕە.





## پوختەی فیلم

### جۆكەر – Joker

فیلمێكی تاوانكاری و درامایە، باس لە ئەكتەرێكی كۆمێدیی خراپ و شكستخواردوو بە ناوی (ئاتەر فلیك) دەكات، لەو كاتەی وەك بێكەسێك بەنێو شارەكاندا دەسووڕێتەوە و لەلایەن كۆمەڵگەوە فەرامۆش كراوە، ئەویش دەست بە كاری تاوانكاری دەكات، تا دەگاتە ئاستی شێت بوون، كەسایەتییەكە ناوی (جۆكەر)ـە، ماوەی فیلمەكە دوو كاتژمێر و دوو خولەكە، لە وڵاتی ئیتاڵیا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (تۆد فیلیپس)ـە، بودجەی فیلمەكە (٥٥) ملیۆن دۆلارە و لە نواندنی (جواكوین فۆنیسك و زازیای بیتز و ڕۆبێرت دی نیرۆ)یە.



## پەند و وتە

ئیریك ماریا ریمارك، ڕۆماننووسی ئەڵمانی كە زۆربەی ڕۆمانەكانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشەنگ بوون، لە دایكبووی ساڵی (١٨٩٨)ی شاری ئۆسنبرۆكی ئەڵمانیایە و لە ساڵی (١٩٧٠) كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی كەسانی ڕاستكۆ و پاك دەڵێت: «ئەو كەسەی كە هەمیشە گرنگیی بە تۆ دا و بە ڕاستگۆیی لەگەڵت هەڵسوكەوتی كرد، پێویستە بزانیت ئەو كەسە دەیەوێت تا سەر لەگەڵت بمێنێتەوە».



## فێڵكاریی چاو

لەم وێنەیەدا پیاوێك و ئافرەتێك هەن، بێگومان پیاوەكە هێندە ئازا و وەرزشكار نییە تا بتوانێت بە سەر پەنجەكانی ماڵی ئەو ئافرەتەدا هەڵبگەڕێت، بەڵام فێلكاری لە وێنەكەدا كراوە، تۆش هەوڵبدە بزانیت وێنەكە چۆن گیراوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بۆ كاری چاكە زۆر یارمەتیی كەسانی دیكەت داوە و لەو كارە بەردەوام بە، چونكە ڕۆژێك دێت كە ئەوانیش لە یارمەتیدانت ناوەستن، كەسێكی هەستیاری و لە ژیاندا كێشەت هەیە، خۆ گونجاندنت لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت كاریكی باشە، چونكە ئەوان بە كەسێكی سەرڕاستت دەبینن.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بە ژیانی ئێستات دڵخۆشی، بەڵام ئەگەر بە وریاییەوە هەنگاو نەنێیت، بەرەو كێشە دەڕۆیت، بیر لە خۆت و داهاتووت بكەرەوە، ماوەی داهاتووت بەرەو ناخۆشییەك دەچیٚ، بۆیە هەوڵبدە خۆتی بۆ ئامادە بكەیت، لەگەڵ كەسێك كێشەت هەیە، بزانە ئەو چی دەوێت و بۆچی بە هەڵە لێت تێگەیشتووە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەركەكانت قورسن و ئەمەش وایكردووە كە بێزاریت پێوە دیاربێت، ماوەیەكە لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت بە جوانی هەنگاو دەنێیت، هەر بەم جۆرە بەردەوام بە و پێویست ناكات نیگەران بیت، هەوڵبدە هێمن و لەسەر خۆ بیت، ئەمەش وادەكات كە لە كارەكانتدا سەركەوتووت بیت.

**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ماوەیەكە كەسێك خۆی وانیشان دەدات كە كاری باشت بۆ دەكات، كەچی دەیەوێت لە پشتەوە ئەزیەتت بدات و كاریگەریی خۆی بەسەر تۆدا بسەپێنێت، بۆیە ڕێگەی مەدە ئەو كارە بكات، شایەنی ژیانی باشتری و دەبێت بۆ سەركەوتنەكانت بە وریاییەوە هەنگاو بنێیت.

**كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

كێشەكانت بە زوویی چارەسەر دەبن، نابێت هێندە بێزاریت پێوە دیار بێت، ژیان هەوراز و نشێوی تیایدایە و ئەمەش واتە قبووڵكردنی كێشە و گرفتەكان، نابێت بڕووخێیت و خۆت بەدەست شكستەوە بدەیت، هەڵسانەوەی دوای كەوتن، سەركەوتنێكە بۆ ئێستا و داهاتووت.

**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ڕابردووت لەبیر بكە و بەرەو ژیانێكی نویٚ هەنگاو بنیٚ، ئەو كاتە كێشەكانت چارەسەر دەبن كە متمانەت بە خۆت هەبێت و گرنگی بە خۆت بدەیت، دڵنیابە لەو پرۆژەیەی كە دەستت پێكردووە، سەركەوتوو دەبیت، چونكە بەرەو ئەنجامێكی باش هەنگاو دەنێیت